

# دەروازەکانی خۆشەویستی     ئەحمەد دەشتی



ئەمشەو لە خەومابوو
دەروازەکان لێم دیارن و
دەمزانی کە بۆ کوێ دەڕۆم
لەو خەوەما کە خەونێکی گەلیَ شاد بوو
سەفەرم دەکرد و
دەیان گوت سەفەری خێرمە
بەختەوەری گەل و نیشتمانەکەم
هەمووی وەدی دەکردن
قژی خۆشەویستی و پاکیم بۆ کوردستانم
شانە دەکردو دام دەهێنا و
هەرچی ڕشک و پیسیە وەلاّم دەنا و
دەچووم بۆ سەر ترۆپکەکان و
لەویَ ئارامیەکانم وەدی دەکردن و
هەرچی جوانیە دەوریان لی دەدام
لەو دۆندە بەرزانەوە دەیانم بینی و
ئیتر سایەی دڕندەیی و
دوژمنانی دیرۆکیم وەدی ناکردن و نەما بوون
لە سەر لوتکەکانی کوردستانە ئازیزەکەم
لە شوین دڕک و دالی ڕۆژگارانم
هەموو لە هەموومان بە یەکەوە
گولی جوانی یەک گرتن و
خۆشەویستیمان دەڕواند و
دلّۆپەکانی خوێنی سوری بە ناهەق ڕژاو و
هەناسەی ساردو سڕی دایکی ڕۆلە ون کراوم
لێم دیار بوون سەربەرزانە
لەسەرلوتکەکان دەیان نوسی
بژی خۆشەویستی و
هەستی پاکی یەک بوونی کورد
لەسەر هەموو ترۆپکەکان دەیان نوسی
ئەی ناحەزانی خۆشەویستی کوردستانمان
ئەی ڕەوە گورگانی دەم بە خوێنی مێژوو
بڕۆن بڕۆن وەدەرکەون
هون دڕندەن مرۆ خۆرن کەلب تیژن
ئیتر جێگەی کورد کوژان و
درۆ و بوختان و خوێن ڕیژی و



هەڵبەستنی روباری پەیڤی زشتی  و دوژمنایەتی یەک و
کرداری ناڕەوا و دوور لە ڕاستی و
هێرش وسوکایەتی بە پیرۆزیەکان کردن و
بە گەورە مەردانی مێژووم باوی نەماو لە ناو چوون
داری زەقنەبووتی کینە و
نفاق وشک بوون و لە چاڵ نران
وا مەرگی دوژمن دابین کراوە و
جارێکی تر نە تەکیەی وێرانە و نە بەرماڵی ڕەش و
هەستی پڕ قرێژ و چڵکن نایێنەوە
ئەوان سوتاون ڕۆیین ڕۆیین
هەزاران تف و نەفریینان لێ کراوەو
تازە ئیتر لە سەر لوتکەکان
نە گوناه وەدی دەکرێ
نە گڕی درۆکان دەم سوتێنێ و
نە هەستی پیسان دەمخنکێنێ
نە چەواشەکارانی مێژوو دەتوانن
لە ئێوارەی لێل و ڕۆژی تار و
نە لەو دیوی پەردەی ڕەشەوە
بمخەلەتێن و بمڕوخێنن
نە قامچی زۆرداری دوژمنانی دیرۆکی
جارێکی تر دێنەوە و
ئیتر ناتوانن بمرەتێنن و وەدوام بخەن
تازە نەهامەتیەکان ڕۆیین ڕۆیین
نە ئەوینی خۆشەویستی یەکتر
بۆ سەر بەخۆیی کوردستانەکەم
کپ دەکرێت و لێم ون دەکرێ
نە ژێر دەستەییم دەگەڕێتەوە
ئیتر قەبرەستانی دڕندەکان دابین کرا وەو
ڕاستیەکان بۆ هەمیشە سەرکەوتن و
دەروازەی خۆشەویستی والایە و
هەموومان واین لە ژێریا دەژین
زێرابی مەرگستانەکان
هەمووی پڕ بوونەوە و روخان
ڕۆژگارانی نەهامەتی نەماو
چیتر نیفا ق و بۆختان
جێگەیان نابێتەوە و هەموو زشتیەکان
گڕیان گرت و ناحەزەکانی کوردیان سوتاند



دەنگێ دەهات وەدەیگوت
وەرن هەموو لە هەموو
بڕوانە خەرمانەی سوتانی درۆ و بوختانان
تەژی ئەو ناوەن و رەش هەلگەڕاون
زەمەن جارێکی تر هەتک ناکرێت و
ویژدانەکانی ڕاستی سەرکەوتن و
سەربەرزانە دەخولێنەوە و خۆ دەنوێنن
لەو بەرزاییەوە دڵسۆزان هاواریان بوو
دەسا ئەی هەستی گڵاوی دژ بە کورد
ئەی ناکەسانی دوێنێی مێژووم
بڕۆن بڕۆن لە خاکی من
روتان ڕەشەو باوتان نەما
لە هەموو لاوە نەفرین کراون
دوژمنانی خۆشەویستی کوردستانم
لەم بەرو ئەوبەری سەر لوتکەکان
هەمووی لە چاڵ نراون و
کێ پەستە و خەراپکارە
لە گولخەنی دۆزەخێکی بێ وێنەی
پڕ گڕی خۆشەویستی
بۆ کوردستانە ئازیزەکەم
وا هەناسەی مەرگیانە و
مێوانی هەتا هەتای گۆڕستانن و
گشتیان نەفرین کراون
لەو خەوەم دا ئیتر جیهانێکی تری
کوردو کوردستانەکەم وەدی دەکرد
کە هەمووی ڕازاوەو پڕ لە گولی
خۆشەویستی و سەبووری بوون
لەم خەوەم دا ئیتر هەستی گڵاوو
ناڕەواییەکانم وەدی ناکردن
کەواگاش هاتم بە داخەوە دیم
کە هێشان هەر وەک جارانم و
کوردستانەکەم هەروا
پەرێشان و خەمبارو هەر مەلولە و
خەمەکانی دیرۆکیم
هەروا لێ ئالاون و نەگبەتیەکان
لە دەورو بەرم هەروا دەخولێنەوە
1.5.2005 هەندەران _ بەرلی